بەندی (٥) لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ

هیچ مرۆڤێك ئەشکەنجە و سزا نادرێت و ڕەفتاری توند و تیژ و دڕندانەو ئابڕوو بەری لەگەڵدا ناکرێت

تێبینیەك لەسەربڕیاری ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠٠٤) ی ئەنجومەنی وەزیران

ج.داواکاری گشتی
هیوا فاریق دزەیی

یە کێک لە بنەما سەرکیەکانی بواری یاسایی دەڵێ هیچ سزایەک نیە تەنها لە سەر ئەوکردارانەی کە یاسا بەتاوانی دادەنێت لەکاتی روودانی وە نابیت هیج سزایەکی توند تربسە پیت لەوسزایەی لە کاتی روودانی هەیە هەروەک لە دەستوری عێراقی دا هاتووە لە مادە ی(٢١١٩) وەک لە پرۆژەی دەستوری کوردستان لە مادە ی(٢٥) دا هاتووە کە دەڵێت(نە تاوان هە یە ونە سزا مەگەربە پێی دەقیکی یاسایی نەبیت هیج کردەوە یەکیش بەرسزادان ناکەوێت ئە گەرلەکاتی ئە نجامدانیدا لە یاسادا بە تاوان دانەنرابێت وناکرێت سزایەکی توندترلە وسزایەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکە دا بەرکارە بەسەر تومە تباردا جێبە جێ بکرێت) وەک ئاشکرایە لەهەمان کاتدا یاسا وبریار سیستەمەکان ورێنمایی رێزبەندی خۆی هەیە نابێ یەکیک ئەویتر ببەزێنی وەلە سەرەوە بەرو خوارەوە دەرواتن نەک بەپیجە وانەوە لە خوارەوە بەرەوسەرەوی راگرێت٠

لە وولاتی ئێمە زۆر جار ئەم بناغەیە پێشێل دە کرێت جەندین جار رینمایی یاسا رادەگرێت کە دەبێتە هۆی لە کارخستنی یاساکە وەیاخود تەسکی دەکاتە وە لە وبوارەی کە بۆی دەرجوە وە ئە م دە ستپێکە م بۆیە باس کرد تاکو خوێنەری ئازیز بەگشتی ویاساناسان بەتاییەتی لایان دیار بێت و روون وئاشکرابێت ئە م پێشلکاریەی یاسا کە بۆیان باس دەکەم٠

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بریاری ژمارە (١١) کە لە ٣ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٤ دە رجوە وە هە تاکو ئیستا کاری بیدەکەن وە بریتیە لە هە مواركردنی سزای لێخورینی ئۆتۆمبیل بە بێ موڵەت لە(٧٥٠٠٠)هە زار دینار بۆ(١٥٠٠٠٠) هە زار دینار وە تۆمە تی لێخورینی ئۆتۆمبیل بە بێ مۆڵەت کەلە بنەرتدا سزای غرامەی نیە لە یاسای هاتووجۆدا بۆ یە ئە م تاوانە یەکیکە لەو تاوانانەی کە لە یاسای هاتووجۆ ژمارە ٤٨ بۆ ساڵی ١٩٧١ی هە موارکراو باس کراوە بەشیوەیەکی (حصری) لە مادە ی(٢٢) کە تیادا سزای بۆ داناوە لە یەک مانگ گرتن کەمتر نەبێت وە لە شەش مانگ زیاتر نە بێت وە دە قەکەی دەڵێت (هەرکەسیک ئۆتۆمبێل لێخورێ بەبێ مۆڵەت یاخود مۆڵەتی لێسەندرابێتە وە یاخود مۆڵە تی لێ وە رگیرابێت یاخود مۆڵەتی تایبەتی نەبێت بە جۆرێ ماشێنەکە)

دەرکردنی ئەم بریارە پێشلکاری یاسایە جونکە نابێت تاوانبار دوو جار سزابدرێت لە یەک کاتدا وە لەبەرئەوەی لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١) بۆساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو لە مادەی (٢٥) پێناسەی تاوانی کەتن دەکات وە دەڵیت(کەتن ئەو تاوانەیە کەئەم سزایانەی بۆ دانراوە یەکەم :- حەپسی توند یاخود ساکارلە ٣ مانگ زیاتر بۆ (٥) ساڵ .

دووەم :- غرامە .

وە لەبەرئەوەی لێخورینی ئۆتۆمبێل بەبێ مۆڵە ت یەکێکە لەو تاوانانەی کەتن بۆیە دەبێت یەک سزا بدرێت بەبی ئەوسزایە ی بۆی دانراوە لە مادە ی(٢٢) لە یاسای هاتوجۆ لە دادگای تەمیزی عێراقی.

بریارێکی هاوشێوەی ئەم حاڵەتە کە لە ژمارە ١٩٨| هیئە عامە | ٨٢|٨٣ دا هاتووە دە ڵێت نابێت ئەفسەری هاتووجۆ تاوانبار دەستگیر بکات بۆ ماوەی ١٥ روژ لە بەرئەوەی ئۆتۆمبێل لێخورین بەبێ مۆڵەت تاوانێکە لە مادەی ٢٢ لە یاسای هاتووجۆ تایبەتە پێی وە ئەم تاوانە دەسەڵاتی دادگای کەتنە(حصرا) وە نابێت لە لایەن ئەفسەری هاتووجۆ بریاربدرێت لەبەرئەوەی دەسەلاتی ئەفسەران لە مادەی ١٨و١٩ دیاری کراوە کە تایبەتە بەوەرگرتنی غرامەی سەرپێجیکردن وە ئەکەر تەنها مەبەست وەرگرتنی غرامە بێت ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێشلکاریەکی تری یاسایە جونکە دەبێتە هۆی لەکارخستنی مادەی ٢٢ی یاسای هاتووجۆ وەدەبێتە هۆی هە موارکردن وگۆرینی مادەی یاسای هاتوجۆ کە ئەم هەموارکردنە یاخودگۆڕینە تەنیا لە لایەنی دە سەڵاتدارە وە بێت ئەویش بەرلەمانە بۆیە داواکارین لە لیژنەی هاوبەشی پێکهاتوو لە هەردووئیدارەی کۆنی هەرێم لە سلێمانی وهەولێر کە تایبەتە بە پێداجوونەوە و یەکخستنەوەی یاساکان بەزووترین کات کا رەکانیان جێ بەجێ بکە ن و چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە.

دادگای هەمیشەیی هێزەکانی ناوخۆ بۆ....

لیوای پۆلیسی یاسایی :
خوێندکاری ماجستێر
سەردار عزیز کاکەیی

هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ وەکو پێکهاتەیەکی عەسکەری چەندین فەرمانگەی جۆر بە جۆری لە روی کارو تایبەتمەندیەوە لە خۆگرتووە لەبەرئەوەی شێوازێکی عەسکەری پێویە ٠٠٠ دیسپلینی عەسکەری یەکێکە لە روالەتە دیارەکانی ئەو دەزگایە , ئەم توێژەی کۆمەل کە دەتوانم بلێم بەشێکی دیارو گرنگە وە هێمایەکیشە بۆسەروەری یاسا شکۆمەندی دەولەت لەگەل ئەوەی یاسایەکی تایبەتی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت کاتێ تاکەکانی سەر پێچیەک یان کەمتەرخەمیەک بکەن یان تاوانێک ئەنجام بدەن بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بەشێکی دابراوو جیاوازن لەسەرجەم ئەم کۆمەلگایە چونکە هەمومان وەکو یەکین لەبەردەم یاسادابەبێ جیاوازی کارو پیشە مان ئەوەندە نەبێ کەسروشتی کارەکانی ئەو هیزە لەروی پەیوەندی بە خۆشگوزەرانی پاراستنی سەرو مالی هاولاتیانە ووە بۆ توندو تۆل تر کردنی دیسپلینی عەسکەری ئەوە دەخوازێ کە دادگایەکی تایبەت بە خویەوە هەبێ وەئەوەیش لەیاسا ی ئوصولی دادگای کردنی عەسکەری ژمارە (٤٤) سالی ١٩٤١ راستکراوە دیاری کراوە تایبەتمەندی بینی کێشەکانی بەردەم ئەم دادگایەشی بە مادە (١٩) لەهەمان یاسا دەست نیشان کردووە ٠٠ بەو شێوەیە ئەو دادگایە شەرعیەتێکی تەواوی وەرگرتوە بۆبینینی ئەو کێشانەی کە روو دەدەن لەرێزەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دا وەبۆ ئەم مەبەستەش دادگای ناوبراو دەستی کراوە یە کە بەپێی پێویست سەپاندنی یاسا جێبەجێبکات بە گوێرەی هەردوو یاسای سزای عەسکەری ژمارە (١٣) سالی ١٩٤٠ راستکراوە یاسای سزای عێراقی ژمارە(١١١) سالی ١٩٦٩ راستکراوە بەلام هەتا سزایەک لەیاسی سزای عەسکەری ناوبراو دیاری کرابێت وەک یاسایەکی تایبەت پەنا نابەن بۆیاسای سزای عێراق ئاماژە بۆکراو لەسەر ئەو بنەمایاسایییەی کە (تایبەت گشتی دەوەستێنێ) (الخاص یقید العام) لەروی پێکهاتەی دادگای هەمیشیەوە جگە لەرووە ئیداریەکەی وەک هەمووادادگاکان بەشە پێویستیەکان دامەزراون وەکاری ئیداری وژمیریاری وپاسەوانی ٠٠٠ هتد) جێبەجێ دەکەن دەستەی دادگاش لە روی قەزائیەوە پێکهاتوە لەسەرۆک ودوو ئەندامی سەرەکی و ئەندامێکی یەدەک لەگەل داواکاری گشتی کە هەمویان بەگوێرەی یاسای ئوصولی دادگایی کردنی عەسکەری ئاماژە بۆکراو دانراون ورژاوی مەرجە یاساییەکانیان کراوە لەرووی تایبەتمەندی کەسێتی کێشەکان (اختصاص الشخص) ئەم دادگایە ئەو کێشانە ئەبینێ کە لایەنە پەیوەندیدارەکان تیایدا واتە سکالاکەرو سەر بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆن وە هیج کێشیەک نابینێ ئەگەر لایەنێکی مەدەنی تیادابێت واتە سکالاکەر یان سکالا لێکراو مەدەنی بێت هەروەها ئەو کێشانە دەبینێ کە لەنێوان دوولایەنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە هێزە چەکدارەکانی تردا روی دابێ بەمەرجێ تومەتبار سەر بەهێزەکانی ئاسایشی ناوخۆبێت ٠٠٠ هەموو کێشیەک دەبێ لەپێشدا ئەنجومەنی لێکولینەوەی لەشوێنی خۆی بۆ پێک هێنرابێت ودوای دلنیا بوون لە هەبونی هەوالەوە رەوانەی ئەم دادگایە دەکرێت ٠٠ دادگاش دوای وردبینی کردنی و وە دلنیا بون لەوەی کە بێ کەم کوریە، روژی دادگایی کردنی بۆ دادەنێ ولایەنە پەیوەندی دارەکان ئاگادار دەکاتەوە کەرۆژی دادگایی کردن لە شوێن و کاتی دیاری کراودا ئامادەبن ٠

دادگایی کردن لەبەردەم ئەم دادگایە دا ئاشکرایە وەلایەنە پەیوەندیدارەکان ئازادن بۆدەست نیشان کردنی پارێزەر بۆ خۆیان ٠٠٠٠٠ هەروەها هەمو کەسێ بۆی هەیە لە هۆلی دادگادا رۆژی دادگاییی کردن ئامادەبێت جگە لەوانەی کە لە ماددەی (٤٦) برگەی(٢,٣) دادەست نیشان کراون ئەویش پەیوەندی بەتەمەنی ئامادەبووەوە هەیە وە پلەو پایەی تۆمتباریش لە بەرجاو گیراوە کەنابێ ئامادە بوو پلەکەی لەپلەی تۆمتبار کەمتربێ لەبەر حورمەتی عەسکەر ٠٠

بریارەکانی ئەم دادگایە بەئاشکرا دەخوێنرێتەوەو لایەنە پەیوەندی دارەکان بۆیان هەیە ئەگەر لەبریاری حوکمی دادگا نارازی بون دەتوانن تەمیزی بکەنەوە لەبەردەمی دادگای تەمیزدا لەم رووەوە دەبێ لەسنوری ماوەی یاسایدا بێت لەبەر گرنگی وە زوو جێبەجێکردنی کێشەکانی ناو هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ وە بەربلاوی شوێنی کارکردنی ئەو هێزە , یاسای ئوصولی دادگای کردنی عەسکەری ژمارە (٤٤) سالی ١٩٤١ ی راستکراوە وەپاشکۆی ژمارە (١٧٧) سالی ١٩٧٠ لە هەمان یاسا رێگەی داوە لە هەرێمی کوردستان وەک بەشی باکوری عێراق لە دادگایەک لەو شێوەیە زیاتری هەبێت , بۆیە ئێستا ئەو دادگایە لە هەولێر هەیە بۆ کێشەکانی هەولێر ودهوک وە دادگایەکیش لە سلیمانی هەیە بۆکێشەکانی سلێمانی و گەرمیان ٠٠٠

ئێمە وتمان لە هەرێم بریارەکانمان قابیلی تەمیزە لەلایەن دادگای تەمیزەوە بۆ ئەم مەبەستەش لە کاتی ئێستادا دادگای تمیزی هەرێم تەماشای کێشەکانی دادگای هەولێر دەکات تەمیزی هاوبەش کە پێک هاتووە لە نوێنەرانی وەزارەتی هەرێم بۆکاروباری پێشمەرگە و نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم تەماشای کێشەکانی دادگای سلێمانی دەکات ئەمە لە کاتێکدا کە یاسای ئوصولی دادگای کردنی عەسکەری ژمارە (٤٤) سالی ١٩٤٠ راستکراوە وەپاشکۆی ژمارە (١٧٧) سالی ١٩٧٠ لە مادەی (یەکەم / برگەی ٣) بەپێویست باسی کردووە کە لەدیوانی وەزارەتی ناوخۆ دادگا یەکی تەمیزی تایبەت بە هێزەکانی جەزائی ژمارە (٢٣) لەسالی ١٩٧١ راستکراوە دا پیادە دەکات بۆیە جێی خویەتی دەزگا ئیداری و مالیەکان بە چاوێکی هاوشێوەی دادگا مەدەنیەکانی تر تەماشای ئەم دادگایە بکەن ووە دەستەی دادگایش بە هاوتای دەستەی دادگا مەدەنیەکانی تر بزانن هەتا ئەم دادگایە بێبەش نەبێ لەو کارانەی بەرژەوەندی دارە بۆ هەموو ئەو دادگا مەدەنیانە لە کاتێکدا هیج جیاوازیە نیە لە نێوان ئەرکو فەرمان و دەسەلات و ئاستی لێپرسینەوە وە هەتا لەرووی مەترسیشەوە بۆ سەر گیانی داد وەر وەهیچ جیاوازیەک نابینین لە نێوان ئەو دوو دەستەی دادگایە دا ٠

لە کوتایدا خوزگە دەخوازم لایەنە بەرپرسەکان گرنگیەکی زەیاتر بدەن بە دادگای هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەولێر و سلیمانی وەکاربکرێت بۆ گەشە کردن و پەرە پێدانی چونکە ئێستا چەندین کادری خاوەن بروانامەی ماجیستر و چەندین خوێندکاری بالای دکتوراو ماجیستر هەمویان لەبواری یاسادا لە ناوریزەکانی هێزەکانی ئاسایشدان بەتایبەت لە دادگای هەمیشەیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ٠٠٠

هەولبدرێت ئەو کادرانەی دادگا، دەرەوەی ولات ببینن بۆبینینی دادگای ولاتان و هێنانی سەرچاوەی یاسایی بۆ

دروست کردنی کتێبخانەیەکی دەولەمەند بۆ ئەو دادگایە لە هەولێر و لە سلیمانی وە بەوەردیش بیر بکرێتەوە لە پێک هێنانی دادگای تمیزی تایبەت بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ دا.

خوا یارمەتی دەری هەموان بێت بۆخزمەتی گەل و وولات .

٢٠٠٧/٢/٢٨

HZRI YASAEY
ناو نیشان (sardar@skawani.com)
هەولێر: ئیسکان - بەرامبەر ساردەمەنی من و تۆ
ت:(٤٤٩٦٩٤٠) (٤٤٥٣٦٩٠) (٤٤٨٦١٠١)
دادگای سلێمانی ژووری پارێزەران-کەمال رەزا
ت:٠٧٧٠١٥٧٩٩١٥
دهۆک:دادگا : پارێزەر محمدامین بەرواری
ت : ٤٥٧٧٠٣٢
کەرکوک: مافناس:عبدالرحمن خلیفه
ت : ٠٧٧٠١٣٥٥٩٦٠